# "ئاینی ئیبراهیمیی"

# پلانی ونکردنی شوناس

عمر عبد العزيز

١٤٤٦ك / ٢٠٢٥ز

# ناسنامەی نامیلکە:


- ناوی نامیلکە: ئاینی ئیبراهیمیی، پلانی ونکردنی شوناس
- نووسەر: د. عمر عبد العزيز
- ناوەرۆک: شرۆڤە
- تایپیست: نووسەر
- دیزاینی بەرگ و ناوەرۆک:
- ساڵ و نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم، ٢٠٢٥ز


- هەموو مافەکان پارێزراون بۆ نووسەر

# مەشخەڵی ڕێ:

أعوذ بالله من الشيطان الرجيم

بسم الله الرحمن الرحيم

* (وَأَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ مُصَدِّقًا لِمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ الْكِتَابِ وَمُهَيْمِنًا عَلَيْهِ فَاحْكُمْ بَيْنَهُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ عَمَّا جَاءَكَ مِنَ الْحَقِّ لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنْكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَكِنْ لِيَبْلُوَكُمْ فِي مَا آتَاكُمْ فَاسْتَبِقُوا الْخَيْرَاتِ إِلَى اللَّهِ مَرْجِعُكُمْ جَمِيعًا فَيُنَبِّئُكُمْ بِمَا كُنْتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ) المائدة/٤٨.

* (يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لِمَ تُحَاجُّونَ فِي إِبْرَاهِيمَ وَمَا أُنْزِلَتِ التَّوْرَاةُ وَالْإِنْجِيلُ إِلَّا مِنْ بَعْدِهِ أَفَلَا تَعْقِلُونَ * هَا أَنْتُمْ هَؤُلَاءِ حَاجَجْتُمْ فِيمَا لَكُمْ بِهِ عِلْمٌ فَلِمَ تُحَاجُّونَ فِيمَا لَيْسَ لَكُمْ بِهِ عِلْمٌ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ * مَا كَانَ إِبْرَاهِيمُ يَهُودِيًّا وَلَا نَصْرَانِيًّا وَلَكِنْ كَانَ حَنِيفًا مُسْلِمًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ * إِنَّ أَوْلَى النَّاسِ بِإِبْرَاهِيمَ لَلَّذِينَ اتَّبَعُوهُ وَهَذَا النَّبِيُّ وَالَّذِينَ آمَنُوا وَاللَّهُ وَلِيُّ الْمُؤْمِنِينَ) آل عمران/٦٥-٦٨.

* (شَرَعَ لَكُمْ مِنَ الدِّينِ مَا وَصَّى بِهِ نُوحًا وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى وَعِيسَى أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ كَبُرَ عَلَى الْمُشْرِكِينَ مَا تَدْعُوهُمْ إِلَيْهِ اللَّهُ يَجْتَبِي إِلَيْهِ مَنْ يَشَاءُ وَيَهْدِي إِلَيْهِ مَنْ يُنِيبُ (١٣) وَمَا تَفَرَّقُوا إِلَّا مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْعِلْمُ بَغْيًا بَيْنَهُمْ وَلَوْلَا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِنْ رَبِّكَ إِلَى أَجَلٍ مُسَمًّى لَقُضِيَ بَيْنَهُمْ وَإِنَّ الَّذِينَ أُورِثُوا الْكِتَابَ مِنْ بَعْدِهِمْ لَفِي شَكٍّ مِنْهُ مُرِيبٍ (١٤) فَلِذَلِكَ فَادْعُ وَاسْتَقِمْ كَمَا أُمِرْتَ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ وَقُلْ آمَنْتُ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ مِنْ كِتَابٍ وَأُمِرْتُ لِأَعْدِلَ بَيْنَكُمُ اللَّهُ رَبُّنَا وَرَبُّكُمْ لَنَا أَعْمَالُنَا وَلَكُمْ أَعْمَالُكُمْ لَا حُجَّةَ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ اللَّهُ يَجْمَعُ بَيْنَنَا وَإِلَيْهِ الْمَصِيرُ (١٥) وَالَّذِينَ يُحَاجُّونَ فِي اللَّهِ مِنْ بَعْدِ مَا اسْتُجِيبَ لَهُ حُجَّتُهُمْ دَاحِضَةٌ عِنْدَ رَبِّهِمْ وَعَلَيْهِمْ غَضَبٌ وَلَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ (١٦) الشورى/ ١٣-١٦.

## تەوەرەکانی ئەم بابەتە:

- ئاینی ئیبراهیمیی چیە؟
- پێشینەی چیەو قۆناغەکانی گەڵاڵەبوونی کامانەن؟
- ئامانج لە پرۆژەی (مسار إبراهيم) گوزەرگای ئیبراهیم
- ئاڵ وگۆڕ لە دیدگای خۆرئاواییەکاندا، یان دووفاقەیی؟
- ئامانجی جۆراوجۆر بۆ خۆیان، یەک ئاکام بۆ خۆرهەڵات
- بابەتی ئاساییکردنەوە (تطبیع)و پرۆژەی ئاینی ئیبراهیمی
- هەنگاوە پشتیوانەکانی برەودان بە (ئاینی ئیبراهیمی)
- مەبەستی سەرەکیی لەم پرۆژەیە
- دوورِوویی لافلێدەران و دووفاقەیی هەڵوێستیان
- دەربارەی حوکمی ئاینی ئیبراهیمی و هەڵوێست دژی
- نەبوونی (وەلاء) بە مانای دوژمنایەتی نیە
- دیدو تێڕوانینی ئەوان بۆ غەیری خۆیان
- ئەرکی ئێمە بەرامبەر بانگەشەی (ئاینی ئیبراهیمی)
- هەڵوێستی زانایان لە بیرۆکەی ئاینی ئیبراهیمی

بسم الله الرحمان الرحيم

## پێشەکی

ئەو بابەتەی ناونراوە (ئاینی ئیبراهیمی) ساڵانێکی زۆرە بانگەشەی بۆ دەکرێت و هەوڵ بۆ چەسپاندنی دەدرێت، بەڵام چونکە نیازو مەبەستەکانی پشتەوەی دروشمەکە لەگەڵ واقیع و زەمینەی سیاسی ـ کۆمەڵایەتیدا یەکناگرنەوە، نەکەوتووەتە قۆناغی کردەیی و پلانڕێژانی نەیانتووانیوە بەسەر بەربەستەکانیدا زاڵ ببن.

پلانەکە وایە کە مەساری سیاسی کلاسیکی پەیڕەوکراو بگۆڕن و لە بری خۆمەشغوڵکردن بە گفتوگۆی نێوان ئایینەکانەوەو پەیڕەوکردنی شێوازی تەحەدداکردن و ململانێی گەرم ـ کە زۆربەی کات بە سەرکەوتنی ئیسلام شکاوەتەوەو تەحریفکراویی ئاینەکانی ترو بەشێک لە دەقەکانیانی دەرخستووە ـ بەو قەناعەتە گەیشتوون کە بەکارهێنانی ئەوەی ناونراوە (هێزی نەرم) سەرەنجامی باشتر ئەدا بەدەستەوە. تاکو بەکارهێنانی (هێزی زبرو زەبری هێز)، جگە لەوە کە ئەمەیان تێچووی ماددیی و مرۆییشی جیاوازەو زۆربەی قۆناغەکانی جێبەجێکردنی پلانەکە خراوەتە ئەستۆی بەکرێگیراوانیان لە ناوچەکە.

کەواتە ئێمە لە بەردەم ستراتیژێکی جیاوازداین، کە دەیەوێت جیهانی ئیسلامیی و عەرەبی ـ بگرە هەموو وڵاتەکانی خۆرهەڵات ـ قودسییەت و پیرۆزیی بۆ عەقیدەیان نەمێنێت و پرەنسیپەکانی ئاینە ڕەسەنەکان لە ڕێی ئاینێکی تاشراوی نوێوە بسڕڕێنەوەو کلتوری خۆرئاوایی جێیان بگرێتەوە.

گەڵاڵەبوونی ئەم پلانە لە (جیمی کارتەر)و هەردوو (جۆرج بۆش)ەوە دەستی پێکردو گەیشتە سەردەمی (ئۆباما)، ئێستەش (دۆنالد ترامپ) لەسەر هەمان هێڵەو بیرۆکەکەی لە ئەستۆ گرتووەو لە ژێر ناونیشانی (خزمەتی ئاشتی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست) و (کۆتاییهێنان بە ململانێکان) دەستی پێکردووە، پایتەختە غەربییەکانیش هەموویان پەسەندیان بووەو زۆریکیشیان بە گەرمیی پشتیوانن.

لەبەر ئەوەی کە بابەتی دیانەتی ئیبراهیمی ماوەیەکە سەری هەڵداوەتەوەو هەندێک جموجووڵ لە ناوچەکە بەرچاو دەکەون کە گومانی ئەوەیان لێدەکرێت ئەڵقەیەک بن لە زنجیرە پلانەکانی سەر بەو پرۆژەیە" بە پێویستم بینی لە هەوڵێکی سەرەتایی و چڕدا خوێنەرانی بەڕێ لە حەقیقەتی ئەو بابەتە ئاگادار بکەمەوە.

*****

## ئاینی ئیبراهیمیی چیە؟

(ئاینی ئیبراهیمیی) زاراوەیەکی تاشراوە، ناوەندەکانی توێژینەوە زایۆنیی و ئیستیعمارییە هاوچەرخەکان ـ بە تایبەتی ئەمریکاو بەریتانیاو ئیسرائیل ـ بانگەشەی بۆ دەکەن، گوایە سەرچاوەی ناکۆکیی و بەریەککەوتنەکان جیاوازیی بۆچوونە ئاینییەکانە، هەمانکات ئاینە ئاسمانییە سەرەکییەکان ـ بە تایبەتی ئیسلام و مەسیحیەت و جوولەکە ـ بەشی ئەوە بەهای مرۆڤانەیان تێدایە کە ئەگەر جیاوازییەکان وەلا بخرێن و ئەو دەقانەیان کە باس لە پێکدادان و جەنگ دەکەن کاریان پێنەکرێت و سڕ بکرێن، دەتوانرێت ئاینێکی نوێی ئاشتیخوازیان لێ پێکبهێنرێت، کە ببێتە مایەی پێککەوەژیان و ئاشتیی و برایەتی مرۆڤایەتی.

وشەی (ئیبراهیمی)شیان لەوێوە بۆ هەڵبژاردووە کە هەموو ئاینە ئاسمانییەکان ڕێز بۆ باوکی پێغەمبەران ئیبراهیم ـ علیە السلام ـ دادەنێن و تەنها ئەو گونجاوترینە بۆ ئەوەی جەمسەری کۆکردنەوەی هەمووان بێت.

## پێشینەی چیەو قۆناغەکانی گەڵاڵەبوونی کامانەن؟

سەبارەت بە پێشینەو پاشخانی ئەم بیرۆکەیە: لە ڕاستیدا قسەلەسەرکردنی زۆر کۆنە، لە قاوغە سادەکەیدا چەند سەدەیەکە ئەم بابەتە لەژێر ناونیشانی جۆراوجۆردا دەورووژێنرێت، تاوێک لە ژێر ناونیشانی (گفتوگۆی ئاینیەکان)دا، تاوێکی تر بە ناوی (نزیکخستنەوەی ئاینەکان)ەوە، تەنانەت جاروبار بە ناوی (یەکخستنەوەی ئاینەکان)ەوە ورووژێنراوە.

لە ڕاستیدا ئەم بیرۆکەیە لە ژێر سایەی بیرۆکەی پرۆژەی (یەکیەتی فیدرالیی ئیبراهیمی)دا لەدایک بوو، کە تایبەتە بە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاو کەمکردنەوەی ململانێکان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا.

شاراوە نیە کە دەیان سەنتەری زەبەللاحی گوماناوی لە پشتەوەی ئەم پرۆژەیەن، کە ناوی خۆیان ناوە (سەنتەرەکانی دیبلۆماسیەتی ڕۆحیی). ئەم سەنتەرانە لە لایەن دەوڵەمەندترین سەرچاوە ئابوورییەکانەوە ئیمداد دەکرێن وەک: صندوقی یەکیەتی ئەوروپی، صندوقی دراوی جیهانیی، بانکی جیهانیی، بێجگە لە خودی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

سەبارەت بە پاڵنەری ئەم بانگەشەیە لەو قۆناغە سەرەتاییانەیدا: لە ڕاستیدا پاڵنەرەکان جیاواز بوون، لە هەندێک قۆناغدا ساکارانە بیر لە نزیکخستنەوەی چەمکە هاوبەشە ئینسانییەکانی ئاینەکان کراوەتەوە. لە هەندێک قۆناغی تردا ئەوپەڕی نیازخراپیی پێوە دیاربووەو مەبەست لێی سڕینەوەی ئاینە ئاسمانییە خواییەکان و هێنانەکایەی ئاینێکی مرۆڤانەی داتاشراو بووە.

بەڵام ئەمەی ئێستە باسی لێدەکرێت بیرکردنەوەیەکی جیاوازەو بەشێکە لە پیلانی زلهێزانی سەردەم بۆ بەرەنگاربوونەوەی تەوژمی ئاینیی لە هەموو دونیاداو وردکردنەوەی هەندێک خاڵ و بڕگەی پلانەکانی (صفقة القرن)و (خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ)و پرۆژەی (بەجیهانیکردن)ی ئایدۆلۆژیاو بەها خۆرئاواییەکان و زاڵکردنی هەژموونی کلتوری لیبرالیزمی خۆرئاواییە، وەک ئایدیایەکی جێگرەوەی هەموو بەهاو چەمکە ئاینییەکانی خۆرهەڵات.

بە کورتی وەک لایەنێک لە پێشینەی قۆناغەکانی ئەم پلانە، دەکرێت ئاماژە بەم وێستگانە بکەین:

* ساڵی (١٩٧٩ز) ڕێکەوتننامەی (کامپ دیڤید) لە نێوان حکومەتی میصرو قەوارەی زایۆنیدا بە چاودێریی (جیمی کارتەر)ی سەرۆکی ئەوکاتەی ئەمریکا مۆر کراو لە یەکەم هەڵوێستی بێپێشینەی زیللەتی عەرەبدا، (ئەنوەر سادات)ی سەرۆکی میصر دانی نا بە قەوارەی سەپێنراوی زایۆنیداو دەستەواژەی (دەوڵەتی ئیسرائیل)ی ئیقرار کردو سەقامگیریی سیاسی بۆ ڕژێمی ئیسرائیل کرایە بڕیار.

لە یەکێک لە بڕگەکانی ڕێکەتننامەکەدا هاتووە کە: لە ئامانجەکانی ئەمریکا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەیە کە: ئیسرائیل و دراوسێ عەرەبەکانی لە ئاشتی و ئاسایشدا بژین و ڕەفاهیەتی ئابووریی بۆ گەلان دەستەبەر ببێت.

* ساڵی (١٩٨٥ز) (جیمی کارتەر) کتێبێکی نووسی بە ناوی (خوێنی ئیبراهیم، تێڕامانێکی بەرچاوڕوونانە لە دۆخی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست)[١]. لەو کتێبەیدا ئاماژە بەم خاڵانە دەکات، کە تا ڕادەیەک ئاماژەیەکمان دەدەنێ بۆ ئەم بابەتەی خۆمان:

---

[١] کتێبەکە هەمان ساڵ گەرماوگەرم لە وڵاتی میصر وەرگێڕرا بۆ زمانی عەرەبی، بە ناوی (دم إبراهيم، تأملات متبصرة في أحوال الشرق الأوسط)، لە دوو توێی (٢٢٠) لاپەڕەدا چاپ و بڵاو کرایەوە..

ـ باسی گەشتی ئیبراهیم پێغەمبەر ئەکات، درووودی خوای لەسەر، لە ساڵانی (١٩٠٠)ی (پ. ز) ـ نزیکەی چوار هەزار ساڵ لەمەوپێش ـ لە ئوری عیراقەوە بەرەو شام و لەوێوە بەرەو سەرزەوی کەنعان (ئوردون و دەریای ناوەڕاست)، پاشان بۆ میصر.

ـ هەروەها لە گێڕانەوەیەکی ڕووداوە گرنگە مێژووییەکاندا باسی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام و ماوەی بیست ساڵەی حوکمڕانییەکەی دەکات و ناویشی بە (محمد النبی) دەبات و پێشی وایە کە مەجالی ئازادیی عیبادەتی ئاینەکانی تری داوە.

ـ پاشان ئاماژە بە هەموو ڕووداوە مێژووییە گرنگەکان دەکات و بە دوایاندا دەڵێت:

ـ ناسەقامگیریی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، گەورەترین هەڕەشەیە لەسەر ئاشتی.

ـ ئیسلام و مەسیحیەت و یەهودیەت، هەر سێکیان هاوبەشن لە تێکەڵیی خوێنی ئیبراهیمدا.

ـ هەر ناسەقامگیرییەک لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، ڕێگرە لە سوودبینینی جیهان لە نەوت!

ـ ئەوەی جێیداخە ئەوەیە کە کتێبە پیرۆزەکانی (ئەو سێ ئاینە) سەرچاوەیەکن بۆ پەرتەوازەیی، زیاتر لەوەی سەرچاوەیەک بن بۆ ئاشتی!

ـ ئەم مێژووە کۆنە بابەتێکی گرنگە بۆ ئەمڕۆی ئێمە، بەو پێیەی کە بنەمایەکی هاوبەشە بۆ جوولەکەو ئیسلام!

ـ ئیبراهیم باوکی هەموو ئەوانەیە باوەڕیان بە خوایەک هەیە.

ـ قورئان و محەممەد باسیان لە مامەڵە لەگەڵ دۆستان و دوژمنان و میوان و ئازارنەدانی دەرودراوسێ و دوژمنایەتیی کردووە![2]

وا بزانم بە لێکدانی هەندێک لەو ڕستانە لە مەرامی کارتەرو هاوکارانی تێدەگەین.

کارتەر پاش ئەم خاڵانە دەڵێت: "سادات زۆر حەزی ئەکرد لەو قسەیەم کە دەمگوت: "ئێمە سێ قۆڵیی نوێنەرایەتی یەهودو مەسیحیەت و ئیسلام دەکەین و دەکۆشین بۆ سەقامگیربوونی ئاشتی".. بۆیە زۆر جار باسی پلانێکی خۆی

---

[2] ئەم ڕستانەی (کارتەر)م ڕاستەوخۆ لە دەقی کتێبە وەرگێڕاوەکەی بۆ عەرەبی وەرگرتووە، بە ناوی: (دم إبراهيم، تأملات متبصرة في أحوال الشرق الأوسط)، چاپی قاهیرە، وەزارەتی ڕاگەیاندن، ئەڵقەی ژمارە: (٧٨٤) لە کتێیبە وەرگێڕراوەکان، لا: ٢٠ـ ٢١.

بۆ دەکردم کە بە نیازە (شارۆچکەیەکی پیرۆز/ مجمع مقدس) لەسەر کێوی سینا بنیات بنێت، تاکو پەیڕەوانی هەر سێ ئاینەکە پێکەوە پەرستشەکانیان تێیدا ئەنجام بدەن.."[٣]

* لە قۆناغێکی تردا ساڵی (٢٠٠٤ز) کۆلیژی یاساکانی زانکۆی (هارفارد)ی ئەمریکی، پرۆژەی توێژینەوەیەکی خستە ڕێ کە بە عەرەبی  ناونراوە: (مسار حج إبراهیم) گوزەرگای حەجی ئیبراهیمی. ئەم پرۆژەیە بە بەشداریی دەیان توێژەرو کەسایەتیی سیاسی و ئاینیی و کۆمەڵناس و خۆرهەتناس و بازرگان و شارەزای گەشتیاریی هاوچەرخ گەڵاڵە کراوە. گوایە گەشتی حەجی ئیبراهیم (علیه السلام) لە ساڵانی (١٩٠٠)ی (پ.ز) لە زێدی خۆی لە (ئۆر)ی عیراقەوە دیاری کراوە، بەرەو باکوری کوردستان لە تورکیا، پاشان بە ئاراستەی سوریەو لوبنان و ئوردون و فەلەستین و سارای نەقەب لە میصر تاکو حیجاز.؟

* لە هەنگاوێکی پشتیوانیی لەو پرۆژەیەو هەر لەو ئاقارەدا (پاپا فرانسیس)ی یەکەم ـ یەکێک لە ستوونەکانی پرۆژەی (بەیتی ئیبراهیمی) لە (٢٠٢١/٣/٥ز) هات بۆ عێراق و چوار

---

[٣] هەمان سەرچاوە، لا: ٢١.

ڕۆژ مایەوەو نوێژی هاوبەشی لە شاری (ئۆر)ی مێژوویی کرد، کە ڕەمزییەتێکی لای هەر سێ ئایینەکە هەیە، بەو پێیەی کە زێدی ئیبراهیمە (علیه السلام). ئەو سەردانە گوژمەی دا بە پرۆژەی (مسار الحج الإبراهیمی)، کە ساڵی (٢٠٠٤ز) جاڕی بۆ درا بە پشتیوانیی ئەو پرۆژەیەی کە کۆلێژی یاساکانی زانکۆی هارفورد ئامادەی کردو سیاسیو دەستەبژێرەکانی ئەمریکاو ئەورووپا ملیۆنها دۆلاریان بۆ دانا..

**ئامانج لە پرۆژەی (مسار إبراهیم):**

لە ژێر پەردەی ئەو گوزەرگایەدا ئەوانەی سەرپەرشتی ئەم بیرۆکەیە دەکەن ئیستغلالالی پێگەی ئیبراهیم (علیه السلام) دەکەن، کە پەسەندی لای هەموو شوێنکەوتووانی ئاینەکانە. کە بە زیاتر لە سێ ملیار مرۆڤ مەزندە دەکرێت.

ئامانج لەم پرۆژەیە دووبارە نیگارکێشانەوەی نەخشەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە، بە جۆرێک کە بگونجێت لەگەڵ نەخشە وەهمییەکەی ڕژێمی زایۆنی، کە ناویان ناوە: (إسرائیل الکبری). ئەو نەخشەیە ڕاشکاوانە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو سەرزەوی و ناوچانەی دەکەونە ئەو گوزەرگایەوە موڵکی دانیشتووە فەلەستینییەکان نیە، کە خاوەنی حەقی ئەسڵین، بەڵکو موڵکی پەیڕەوانی ئیبراهیم پێغەمبەرە کە خوا

ئەو موڵكەی لەسەر ئەو نووسیوەو ئەوە ـ بە گومانی ئەوان ـ وەعدێكی ئیلاهییە، كەواتە ئەو سەرزەوییانە تەنها بەوان دەبڕێت نەک بە كەسانی تر.!

ئەم پرۆژەیە بە توندی لە لایەن یەكێتی زانایانی جیهان و ئەزهەرەوە هێرشی كرایە سەرو بە پووچ و بێ بنەما وەصفیان كردو ڕایانگەیاند كە تەنها بۆ پشتیوانیی پلان و سیاسەتی (تطبیع)ـە لەگەڵ ڕژێمی زایۆنیی.

* لە قۆناغێكی نزیكتر لە خۆماندا ساڵی (٢٠١٩ز) پاپا فەرانسیس پاپای كڵێسای كاسۆلیكی لە وڵاتی (ئیمارات) بە ئامادەبوونی محەممەد شێخ زاید گەیشت بە شێخی ئەزهەر (أحمد الطیب)و پەیماننامەیەكیان مۆر كرد بە ناوی (پەیماننامەی برایەتی ئینسانیی)و بەردی بناغەی بینای (البیت الإبراهیمی)یان داناو ئیمزایان كرد. محەممەد شێخ زاید فەرمانی دا كە لە دورگەی (سعدیات) زەوییەكی فراوانی بۆ دابنرێت، لەوێ دیزاینی شارۆچكەیەكی گەورە كێشرا، كە مزگەوتێک و كڵێسایەک و كنیسێكی جوولەكە لەخۆی دەگرێت، دیزاینەرەكەشی (سێر دیڤید فرانک ئۆدجای) بوو، كە ڕوتبەی ئیمپراتۆریەتی بەریتانی هەیەو بەناوبانگترینی ئەندازیارەكانی جیهانە.. بەشی كەنیسەكە

ناونرا (فەرەنسیس) وەکو یومنێک بە ناوی قددیس فرانسیس، بەشی مزگەوتەکەش ناونرا مزگەوتی (أحمد الطیب) بەشی مەعبەدی جوولەکەش بە ناوی (موسا بن مەیمون)[٤]ەوە ناونرا.

ئامانج لەم پرۆژەیە ـ وەکو خۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن ـ پشتیوانیکردنە لە بەهاکانی پێکەوەژیان و قبوڵکردنی بەرامبەرو دایەلۆگ. شایانی باسە ئەم بیرۆکەیە یەک دەگرێتەوە لەگەڵ دروشمەکانی ماسۆنییەت لە بابەتەکانی برایەتی و تەساموح و یەکسانی..

**ئاڵ وگۆڕ لە دیدگای خۆرئاواییەکاندا، یان دووفاقەیی:**

زۆر لە مێژە عەلمانییەکان لە جیهاندا یاری بە زاراوەو دەستەواژەو چەمکەکان ئەکەن، پێشتر داوای جیاکردنەوەی ئاین لە سیاسەت و دەسەڵات و واقیعیان دەکرد، ئێستا ئەوەتا خۆیان خودی ئاین دەکەن بە وەسیلەی هێنانەدی

[٤] موسا کوڕی مەیمونی قورطوبي، (١١٣٥-١٢٠٤ز) پزیشک و نووسەرو فەیلەسوفێکی جوولەکەی ناودارە، لە وڵاتی ئەندەلوس مەترسیی لەسەر ژیانی دروست بوو، بەڵام ڕووی کردە وڵاتی میصرو لە شاری قاهیرەو لە دەرباری سەرکردە (صلاح الدین ئەییوبی)دا کاری پزیشکیی کردووە، چەندین بەرهەمی نووسراوی بە زمانی عەرەبی هەن. بڕوانە: سایتی (الموسوعة الحرة).

ئامانجەکانیان، بۆ نموونە باس لە (تەساموحی ئاینیی)و (دیپلۆماسیەتی ڕۆحی) و (ئاشتی ئاینیی جیهانیی) و (خاڵی هاوبەشی ئیبراهیمیی) دەکەن.. کە ئەمانە هەموو بابەتی ئاینین و ئیستیغلالی ئاین ئەکەن بۆ مەرامەکانی خۆیان.

کاتێکیش بۆچوون و دیدگاکانیان دەخەنە بازاڕی خۆرهەڵاتەوە، ڕژێمە عەرەبیی و بەناو ئیسلامییەکان و حزب و ڕێکخراوە هاوشێوەکانی خۆیان فێری ئەوە دەکەن کە ئاینی ئیسلام لە کایەی ژیان دوور خەنەوە، تا ببنە مسقۆف و نازناوی پێشکەوتوویی و مۆدێرنییان پێ حەڵاڵ بێت، کەچی خۆیان دەیان حزب و ڕێکخراوی مەسیحی و ئاینییان هەیەو لە دەستوری وڵاتەکانیاندا زۆربەی زۆریان ئاماژەیان بە ئاینی وڵات و پیرۆزیی ئاین و کلتوری ئاینیی خۆیان کردووە، تەنانەت ڕژێمی زایۆنیی دەستنەمامی خۆیان ڕژێمێکی پڕاوپڕ ئاینییەو شەڕی ئاین لەگەڵ موسڵمانان دەکات. کەچی تەڵقینی حزب و دەسەڵاتە کۆیلەکانی خۆیان دەکەن کە باس لە ئاین نەکەن و باجی دژایەتی ئاین یان بە لای کەم دوورخستنەوەی ئاین لە کایەکانی ژیان و خەبات بەسەر سنگیاندا هەڵواسن!

ئاکامی پەیڕەوکردنی ئەم ڕێچکەیە. بە لای دەلاڵەکانییەوە. ئاساییکردنەوەی پەیوەندیی نێوان جوولەکەو زایۆنییەکان و خاچپەرستانی سەردەمی هاوچەرخە، لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیی و بە گشتییتر خۆرهەڵاتی و جێگیردنی قەوارەی زایۆنیی و سڕینەوەی ناوی قودس و فەلەستین و جیهادو موقاوەمەو بەرپەککەوتنە بۆ هەمیشە.

ئەوەی ئەوان دەیخوازن ئەوەیە کە شتێک بێتە کایەوە کە لەبەر خاتری خاترداران هەر ناوی ئاین بێت، بەڵام ئاینێک کە هەویرەکەی شێلراوێک بێت لە دەقی هەڵبژێرراوی پەسەند لای ئەوان و گونجاو لەگەڵ چەمکە خۆرئاوایی و ئەوروپییەکان، هەمان کات ئەو دەقانەی قورئانی پیرۆزو فەرموودەی پێغەمبەری ئیسلام - درودی خوای لەسەر. لەگەڵ دەقەکانی تری تەورات و ئینجیلەکەی خۆشیان کە بە دڵی ئەوان نییە بپێچرێنەوەو بخرێنە تاقی فەرامۆشکردنەوە.

گوایە بەم کارە دونیای خۆرهەڵاتیش وەک خۆرئاواکەی ئەوان ئەبێتە دونیایەکی مۆدێرن و دروشمەکانی (پێکەوەژیانی ئاشتییانە)و (برایەتی ئینسانیی) و (ئازادیی) و (یەکسانیی

مرۆڤەکان)و (پێکەوە هەڵکردن) بەرجەستە دەبن و جیهانی هاوچەرخ دەبێتە شامی شەریفەکەی ئەوسا.

ڕەنگە کەسە ساکارەکانی ئەوان و کەسانێکی بەرەی خۆرهەڵاتی خۆشمان نەزانن یان بیریان چووبێتەوە کە بە درێژایی مێژووی کۆن و نوێی خۆرئاواییەکان هەر خوێنڕشتن و جەنگی هۆزەکانی ناوخۆیان بووە، پاشان جەنگی خاچپەرستییان دژی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیی، پاشان پەلامارو هەڵمەتە داگیرکارییەکانی قۆناغی کۆلۆنیالیستی ئیستیعمارییان دژی تەواوی خۆرهەڵات، هەر لە دورگەکانی هیندستانی ئیسلامییەوە، تاکو تەنجەی مەغریب و لیبیاو جەزائرو شام و میصرو عیراق و دورگەی عەرەبی، تا دەگاتە چاندنی لووی قەوارەی زایۆنیی لە ناوجەرگەی خاکی موسڵماناندا. هەروەها جەنگە نارەوا جیهانییەکانی یەکەم و دووەم، کە بە ملیۆنها کەسیان لەناو برد، ئیتر پیلان و بەرنامەکانی ویژدانکڕین و کرێگرتە دروستکردن و مژینی خوێن و نەوت و سامان و وزەی وڵاتانی دونیا بوەستێت، کە زۆر هونەرمەندانەو لێزانانە تا ئێستەش درێژەی پێدەدەن.

ئیتر کامەیە ئەو پێکەوەژیانەی ئەوان قسەی لەسەر ئەکەن؟ کامەیە ئەو ئاشتیی و ئازادییەی ئەوان بانگەشەی بۆ دەکەن؟

**ئامانجی جۆراوجۆر بۆ خۆیان، یەک ئاکامیش بۆ خۆرهەڵات:**

ڕاستییەک هەیە لێرەدا پێویستە بیڵێین کە مەرج نیە هەموو ناوەندەکانی باس و توێژنەوەکانی ئەمریکاو ئەوروپا یەک ئامانجیان لەو پیلان و پرۆژانەدا هەبێت. دەگونجێت لە کاتێکدا کە ئامانجی هەندێکیان ئایدیۆلۆژیی و ئاینیی بێت، ئامانجی هەندێکی تریان - بە مەفهومە کلاسیکییەکەی - ئاینیی نەبێت، بەڵکو ئامانجێکی سیاسی - ئیستیعماریی - ئەمنیی بێت و بە مەبەستی ژێر ڕکێفخستنی هەموو وڵاتانی ناوچەکە بێت، بۆ بەرژەوەندیی سیاسی و ئەمنیی و ئابووریی خۆیان، واتە گۆڕینی پەلامارێکی داگیرکاریی کۆلۆنیالیستی نوێیە لە ستایلێکی گونجاو لەگەڵ سەردەمدا، یانی پەنابردنە بەر ئەزموونێکی نوێ کە کورتی دەکەینەوە لە یەک ڕستەدا: گۆڕینی ستراتیژی تەحەددایان لە بەکارهێنانی هێزی گەرمەوە، بۆ بەکارهێنانی هێزی نەرم، بەڵام بە پشتیوانی هێزی گەرم، بەو ئیعتیبارەی کە هەردوو هێزەکەیان بە جیا تاقی کردەوەو دەرکەوت

که کاریگەرییەکانیان کاتین و تەمەنیان کورتە. ئێستە مامەڵەیان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی زەلیلی عەرەب ئەوەیە کە بە دەستێکیان گێزەرو بە دەستەکەی تریان عەساکەیان هەڵگرتووە، واتە دەبێت یان گورز بخۆن یان گێزەر!.

**بابەتی ئاساییکردنەوە (تطبیع)و پرۆژەی ئاینی ئیبراهیمی:**

پاش گفتوگۆیەکی زۆر لە نێوان ئیماراتی عەرەبی و وڵاتی بەحرەین لەگەڵ قەوارەی زایۆنی، لە ساڵی (٢٠٢٠ز) بە شانازییەوەو بە بێ شەرم ڕێکەوتننامەیان بە چاودێریی و سەرپەرشتیی ئەمریکییەکان مۆرکرد، (بەرپرسی ئەم دۆسیەیە "جارید کۆشنەر"ی زاوای ترامپە، کە جوولەکەیەکی ئەرسۆزۆکسەو وەزیری دەستە ڕاستییەتی. ئەو دەڵاڵی (تطبیع) بوو لە نێوان قەوارەی زایۆنی و وڵاتانی ئیمارات و بەحرەین و مەغریب و سودانداا.

لەم هەنگاوەشدا جارێکی تر پەنا برایە بەر ناوی باوکی پێغەمبەران ئیبراهیم ـ علیە السلام ـ و ڕێکەوتننامەکانیان ناو نا (ڕێکەوتننامەکانی ئیبراهیم)، لە ژێر ناونیشان و پاساوی (تطبیع)دا.

سیاسەتی (تطبیع) واتە ئاساییکردنەوەی پەیوەندبییەکان لەگەڵ قەوارەی ڕژێمی زایۆنیی، کە پلانێکی کولێنراوی

زایۆنییەکانەو لە قۆڵی ئەمریکییەکانەوە، لە ژێر مێزی ناوبژیوانیدا دەمی کێشاوە. ئەم پلانە لە ڕێکەوتننامەی (کامپ دیڤید)ەوە دەستی پێکرد، لە نێوان جوولەکەو ڕژێمی میصر لە سەردەمی (ئەنوەر سادات)دا. (تطبیع) بە زمانێکی سادە واتە کۆتاییهێنان بە موقاوەمەو جیهادو بەرەنگاربوونەوەی ستەم و لە بەرانبەرەوە داننان بە قەوارەی زایۆنیداو بێدەگنبوون لە هەموو هەوڵەکانی داگیرکردن یان ڕووخاندنی قودس و وازهێنان لە داوا ڕەواکانی فەلەستینییەکان و.. تاد.

پلانەکە دەمێکە دەستی پێکردووەو لە سەردەمی (ئۆباما)دا تاوی دراو لە سەردەمی (ترامپ)دا مۆری کۆتایی پێوە نرا.

بەم کارو هەنگاوانە سەردەمی (خۆرهەڵاتی ناوەڕاست) کۆتایی هات و تابلۆی (خۆرهەڵاتی نوێی ناوەڕاست) لە دەروازەی خۆرهەڵاتدا هەڵواسراو دەخوازرێت پاشماوەی پلانی هەژموونی ئەمریکییەکان بەسەر ناوچە عەرەبییەکەو خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بە سەپاندی ئەوە کۆتایی پێبێنن کە ناویان ناوە (ئاینی ئیبراهیمی)، بۆ پاراستنی پێگەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەو پێیەی کە خۆیان بە

سەنتەری جیهان و دەمڕاسی وڵاتان دەزانن، ئەوەش دەخوازێت کە چەند هەنگاوێک بنێن، وەک:

ـ مەحکەمکردنی جێپێی قەوارەی زایۆنی.

ـ سڕینەوەی چەمکەکانی جیهادو موقاوەمەو بەرگریی.

ـ برەودان بە دروشمە کۆنەکانی ماسۆنیەت، وەک ئازادیی و برایەتی ئینسانیی و پێکەوەژیان و ئاشتی..

ـ تۆمەتبارکردنی جووڵانەوە ئیسلامییەکان بە تیرۆریستی و ئوصولیەت و توندئاژۆیی.

ـ سڕینەوەی دەستەواژەی (وڵاتانی عەرەبی)، یان (وڵاتانی ئیسلامیی) بە (خۆرهەڵاتی ناوەڕاست) تەنها لەبەر ئەوەی ڕژێمی قەوارەی زایۆنیش بگرێتەوە. چونکە تۆ ئەگەر بڵێی عالەمی ئیسلامی، یان عالەمی عەرەبی، ئەوە دەگەیەنێت کە قەوارەی زایۆنی قەوارەیەکی نامۆو سەپێنراوە بەسەر ناوچەکەدا، بەڵام کە دەڵێی (خۆرهەڵاتی ناوەڕاست) هەموو ڕەگەزو نەتەوەو ئایینەکان ئەگرێتەوە.

بۆیە موسڵمانان ئەبێت وریاو چاوکراوە بن، زاراوەو دەستەواژە مینڕێژکراوەکان بەکارنەهێنن و لە سۆنگەی داهێنانیان ورد ببنەوە.

**هەنگاوە پشتیوانەکانی برەودان بە (ئاینی ئیبراهیمی):**

برەودان بەم بابەتە چەند هەنگاوێکی بۆ دانراوە، **یەکێک** لەوانە ئەوەیە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خۆی ڕابەرایەتی ئەم پرۆژەیە دەکات و ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی دەکات، چونکە ئەتوانێت بە زمانی هێزیش ڕژێمە دیکتاتۆرەکان ـ کە زۆربەیان شوێنکەوتەی ئەون ـ ملکەچ بکات، تەنانەت خەرجییەکانی خۆشیان لە داهاتی نەوت و وزەی میللەتە ژێردەستەکان وەردەگرێتەوە. ڕەنگە گوێتان لە ترامپ بووبێت کە لە کۆنگرەی ئەمساڵی مونتەدای ئابوریی جیهانیی لە (داڤۆس) وتی: ئەبێت شا محەممەد بن سەلمانی شای سعودیە یەک ترلیۆن دۆلار بۆ وەبەرهێنان بنێرێت بۆ ئەمریکا، جا سەردانی ئەو وڵاتە دەکەم!

**خاڵی دووەم** و گرنگ بۆ پشتیوانیی سەرخستنی پلانەکەیان ئەوەیە کە ناوەندەکانی توێژینەوەی خۆیان دەیان ڕاپۆرت و کاری شرۆڤەکارییان کردووەو خاڵە لاوازەکانی تەواوی دەسەڵاتەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیان خستووەتە بەردەستیان و ئەزانن کە لەکوێوە دەستپێدەکەن و چۆن دەستپێدەکەن.

**خاڵی سێیەم** بریتییە لە خستنەگەڕی توانای کەسە کرێگرتەو پشتیوانە کڕاوەکانی خۆیان، لە کەس و دەزگاو گروپی جۆراوجۆر، بۆ ڕەواجدان و شەرعییەتدان بەو بیرۆکەو پلانەکانیان، بە تایبەتی ئەوانەی کە ڕەنگ و بەرگی ئیسلامیی یان مەسیحی ساختەیان کردووە بە بەر خۆیانداو دەوری بۆلس و سامری و ئیبن عەلقەمی دەبینن.

**خاڵی چوارەم:** ئیستیغلالکردنی ناوو سومعەو پێگەو ڕێزی باوکی پێغەمبەران ئیبراهیمە (علیهم السلام). ئەوان باش دەزانن هەموو ئەهلی دینە ئاسمانییەکان لەسەر خۆشەویستیی ئەو زاتە کۆبوونەتەوە. بۆیە بۆ یەکەم جار باڵیۆزی ئەمریکا لای قەوارەی زایۆنی (دیڤید ڤریدمان) باسی لەمە کردو ڕێکەوتننامەی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان زایۆنی و وڵاتی ئیماراتی بە شتێکی پیرۆز زانی و وتی: بە بەرەکەتی باوکی پێغەمبەرانەوە دەستپێ ئەکەین و هیچ کەس نییە گونجاوتر بێت بۆ ئەم یەکێتییە جگە لەو.

**خاڵی پێنجەم:** باق و بریقی زاراوەو چەمک و دەستەواژە بۆیاخکراوەکانیانە، وەک: (خۆشەویستی)، (تەساموح و لێبوردەیی)، (پێکەوەژیان)، (برایەتی ئینسانیی)و (ئاشتی

جیهانیی).. تاد. گوایە کاتی ئەوە هاتووە کە گەلانی جیهان لەسەر ئەو چەمکانە کۆببنەوەو واز لە چەمکەکانی (جیهاد)و (قتال) و (سیاسەت) و (دەسەڵات) بهێنن و ئەو دەقانە بپێچنەوە کە ئەو باسانەیان تێدایە.

دیارە لە هەموو ئەمەشدا تەنها ئیسلام و چەمکە قورئانییەکان و موسڵمانان بە ئامانج گیراون، وەگەر نا لە تەورات و ئینجیلە شێوێنراوەکەی ئەواندا باسێک لە جیهادو قتال و سیاسەت و ئیدارەو دەسەڵات نیە.

لێرەوەیە کە تێدەگەین و دووپاتیدەکەینەوە کە لە هەموو ئەم بگرەو بەردەو پلان و بەرنامانەدا کە لە ئارادان، تەنها ئیسلام بە ئامانج گیراوە. بۆیە ئەوان ئامادەن ناوی پێغەمبەرەکانیان و کتێبە ئاسمانییەکامی خۆیان بسڕێتەوە، بە مەرجێک ناوی قورئان و ئیسلام و موحەممەد (درودی خوای لەسەربێت) بسڕنەوە، چونکە ئەوان وەک موسڵمانان پشتیان بە ئاین و پێغەمبەرو کیتابەکانیانەوە نەیەشاوە، خۆمان ئەزانین کە ئەوروپا چۆن لە سەدەکانی (١٤و١٥)ی زاینیدا دژی کەنیسەو ئاین و پیرۆزییەکانی خۆیان هەستان و خستنیانە دەرەوەی کایەکانی ژیانی خۆیان، بە تایبەتی لەو پرۆسە مێژووییەدا

که ناونرا (چاکسازیی ئاینی)و کەسانێکی وەک (مارتن لۆسەر) (١٤٨٣ـ١٥٤٦ز) ڕابەرایەتییان دەکردو شۆڕشێکی مێژوویی دژی کڵێساو (ثالوث)و جەنگەکانی خاچپەرستان و (صکوک الغفران) هەڵگیرساند، ئەو کارەی کە هەرگیز هیچ فیرقەو هیچ موجتەهیدو مەزهەبێکی ئیسلامیی بەرامبەر ئاینی ئیسلام نەیانکردووە..

کەواتە هەموو پیلانەکە دژی ئیسلام و قورئان و موحەممەدە (صلى الله عليه وسلم)، هەر ئەوەندە ئەو پێغەمبەرە خاتەمە باسی نەکرێت، ئیتر با ئیبراهیم ببێتە هێمای ئاشتی و پێشەنگی پێکەوەژیان و ڕابەری هەمووان و ناوی کەسی تر لە پێغەمبەران لە پاڵیدا نەبرێت.. ئەمە بە بێ ئەوەی پێمان بڵێن کامەیە ئەو تەعالیم و ئاراستەو پەیامانەی ئیبراهیم عليه السلام، تا بیانکەینە سەرمەشق و ڕێبازو ڕێچکەی ژیان!! ئیبراهیمێک کە تەنها قورئانە پانتاییەکی زۆری ئایەتەکانی بۆ تەرهان کردووەو لە خانەی بیرو یاداوەری مرۆڤایەتیدا بە زیندوویی هێشتوویەتەوە.

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەوە تێگەیشتووە کە بڕیاردان لەسەر ئەم ئاینە نوێیە لە نێوان گەلە

موسڵمانەکاندا لە کاتێکی کەم و خێرادا کارێکی زەحمەتە، بۆیە پلانەکە ئەوەیە کە ئەبێت قوتابییانی گەنج لە هەندێک لەم وڵاتانە بخەنە ئەم بیرەو لە ناویاندا بەهاکانی ئەو ئاینە ئیبراهیمییە برەو پێبدەن، بۆ ئەوەی لە داهاتوویەکی نزیکدا وەکو دینێکی جیهانیی دوای پرۆسەی شتنەوەی مێشکی ئەو گەنجانە بێتە کایەوە، چونکە گۆڕینی قەناعەتی ئەم جیلەی موسڵمانان لە ئێستادا کارێکی زۆر زەحمەتە، لەبەر کاریگەریی و هەژموونی ڕابوونی ئیسلامیی هاوچەرخ.

**مەبەستی سەرەکیی لەم پرۆژەیە:**

لەو خاڵانەوە تێدەگەین کە مەبەستی سەرەکیی لە شتێک بە ناوی (ئاینی ئیبراهیمی) ئەوەیە کە (قەوارەی زایۆنی) لەناو جیهانی عەرەبیی و ئیسلامیی ببێت بە قەوارەیەکی جێگیرو خۆماڵیی و لەو نامۆییەی ئێستەی دەرچێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەژموونی ئەمریکاو خۆرئاوا ببێتە ئەمری واقیع و لەڕێی ئەوەشەوە بەهاو کلتوورەکانی خۆیان هەمووی بگوێزرێنەوە بۆ وڵاتانی ئیسلامی، ئەمە هەمووی لەژێر پەردەی ناوی ئیبراهیمی خەلیلدا (علیه السلام).

## دووڕوویی لافلێدەران و دووفاقەیی هەڵوێستیان:

دووڕوویی بانگخوازانی هەڵگری دروشمەکانی ئاشتی و ئازادیی و برایەتی و پێکەوەژیان و.. تاد، لەوەدایە کە لە سەرێکەوە لافی ئەو دروشمانە لێئەدەن، کەچی لە لایەکی ترەوە بە هەزاران منداڵ و ئافرەت و خەڵکی سڤیل لە ئێستەدا لە شوێنێکی وەک غەززە شەهید دەکرێن، بەڵام نقەیان لێوە نایەت، یان لە چەندین وڵاتی وەک چین و هیندستان و ئەفریقیا موسڵمانان ئەچەوسێنرێنەوە، کەسێک لەوانە داکۆکییان لێناکەن. سەرباری ئەوەش چەندین جووڵانەوەی گوماناویی بە ناوی ئیسلامەوە دروست دەکەن، بۆ ناشیرینکردنی ئیسلام و موسڵمانان. بە هەموو شێوەیەکی تریش جەنگ لەگەڵ نەوەی موسڵمانان ئەکرێت و تومەتبار ئەکرێن بە تیرۆرو توندوتیژیی، نەک تەنها تاکەکان، بەڵکو هەموو گرووپ و دەستەو جەماعەت و دامەزراوەکانیان، بۆ نموونە جیهادی فەلەستین دژی تاگیرکەری زایۆنی، بە تیرۆر ناودەبرێت، واتە قوربانیی دەستی تیرۆر خۆی دەکرێتە تیرۆریست. بەڵام ئەو هەموو تاوان و کۆمەڵکوژییەی جوولەکە بە توندڕەویی ناونابرێت، بۆیە هەوڵدەدرێت کە قودسییەت لە ئەقصاو فەلەستین

وەربگیرێتەوەو باسی قودس و پیرۆزییەکانی لە زەینی موسڵمانانەندا نەمێنێت، بۆیە بەردەوام باسی (تەطبیع) دەکرێت و هەموو بانگخوازان و پشتیوانانی موقاوەمەی فەلەستینی لە هەر کوێ بن تۆمەتبار دەکرێن.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت بۆچی دژایەتی ڕەوتە ئیسلامییەکان لە وڵاتانی میصرو بە دوایدا تونس و لیبیاو ئەوەتا ئوردونیشی هاتە سەر، دەکرێت؟ بە تایبەتی تۆمەتبارکردنی جووڵانەوەی (برایانی موسڵمان) وەک پێشەنگی ڕەوتی ئیسلامیی و ڕابوونی ئیسلامیی هاوچەرخ. ئەمە هەمووی لەو سیاقەدا دێت کە ئەوانە وەکو لەمپەری بەردەمی ئەو پرۆژە دۆزەخییە ناسراون و ئەناسرێن.

**دەربارەی حوكمی ئاینی ئیبراهیمی و هەڵوێست لە دژی:**

دیارە ئەوەی كە شارەزای قورئان بێت دەزانێت كە دینی ئیسلام هەمان دینی ئیبراهیمەو ئوممەتی ئیسلامیی هەمان ئوممەتی ئیبراهیمە، باوكی یەكتاپەرستان، (علیه السلام) قورئان فێری كردووین ئەمە بڵێین: (قُلْ إِنَّنِي هَدَانِي رَبِّي إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ دِينًا قِيَمًا مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ ) الأنعام/١٦١، وە خوای گەورە پەیمانی وەرگرتووە لە هەموو پێغەمبەران كە ئەبێت ئیمان بە موحەممەد بێنن، واتە هەر كاتێك ئەو نێردراو هەركەس لەوان لە ژیاندا بوو، ئەبێت پەیمانی بداتێ و خەڵكی بانگەشە بكات بۆ ئیمان بە پێغەمبەر موحەممەد. (وإِذْ أَخَذَ اللَّهُ مِيثَاقَ النَّبِيِّينَ لَمَا آتَيْتُكُم مِّن كِتَابٍ وَحِكْمَةٍ ثُمَّ جَاءَكُمْ رَسُولٌ مُّصَدِّقٌ لِّمَا مَعَكُمْ لَتُؤْمِنُنَّ بِهِ وَلَتَنصُرُنَّهُ ۚ) آل عمران/٨١.

هەروەها هەركەس شارەزای قورئان بێت ئەزانێت ئەوەی باوەڕی بە عیساو موساو دینەكانیان نەبێت هەر موسڵمان نییە، یەكێك لە پایەكانی ئیمان بۆ ئێمەی موسڵمان، ئیمانهێنانە بە پێغەمبەران هەموویان (علیهم السلام)و جیاوازیی نەخستن لە نێوانیاندا: (آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ ۚ كُلٌّ آمَنَ بِاللَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ

أَحَدٍ مِّن رُّسُلِهِ) البقرة/ ٢٨٥. ئەوان کە بانگەشەی یەکێتی ئایینەکان ئەکەن، ئایا ڕازین کە محەممەدی پێغەمبەری ئیسلام بە پێغەمبەری خوا بزانن؟ ئایا لە ئاینیاندا باوەڕ بە پێغەمبەران کراوەتە پایەی ئیمانیان؟ نەخێر، تەنانەت بانگەشەکارانی ئەم بەرنامەیە- بۆ چاوبەستیش بێت - ئامادە نین بە ئەرێنی وەڵامی ئەم دوو پرسیارە بدەنەوە.

بەڵام لە ڕوویەکی ترەوە ئەمانە لە بیری خۆیان دەبەنەوە کە حەقیقەتێکی ئیمانیی و مێژوویی هەیە ئەویش ئەوەیە کە موحەممەد- درودی خوای لەسەر- دواهەمینی پێغەمبەرانەو شەریعەتەکەی کۆکەرەوەی بنەماو (کلیات)ی شەریعەتە نێرراوەکانی پێش خۆیەتی، هەروەها پشڕاستکەرەوەی ئەوانیشە. لە (١٤) شوێنی قورئانی پیرۆزدا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە قورئان پشتڕاستی تەورات و کتێبە پێشووەکان دەکاتەوە، بە دەستەواژەی (مصدقا) یان (تصدیق) هاتووە، بۆ نموونە: (وَآَمِنُوا بِمَا أَنْزَلْتُ مُصَدِّقًا لِمَا مَعَكُمْ) البقرة/٤١ (وَلَكِنْ تَصْدِيقَ الَّذِي بَيْنَ يَدَيْهِ وَتَفْصِيلَ الْكِتَابِ) یونس/٣٧.

کەواتە ئیسلام پەیامێکی کامڵی خوایە کە بابەتە نەگۆڕەکانی پەیامە ئاسمانییەکانی تریشی تێدایە، بەڵام

زیاد لەوە پێداویستییەکانی مرۆڤایەتی لە سەدەی حەوتی زاینییەوە تا کۆتایی دونیاشی پێ زیاد بووەو بووەتە دوا ئەڵقەی زنجیرەی شەریعەتە ئاسمانییەکان.

بۆیە خوای گەورە لەگەڵ ئەوەی ناوی قورئانی ناوە (مصدق)، ناویشی ناوە (مهیمن)، واتە هەیەتی بەسەر پەیامەکانی ترەوە، ئەمە ڕاستییەکی بینراوو بەرچاوە، لافلێدان نیە، تەواوی ئەو یاساو دەستورناسانەی دونیا کە بەراوردی نێوان دەقەکانی قورئان و ئینجیل و عەهدی کۆن و نوێیان کردووە، دانیان بەم ڕاستییەدا ناوە. قورئان خۆی لەم ڕووەوە فەرموویەتی: (وَأَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ مُصَدِّقًا لِمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ الْكِتَابِ وَمُهَيْمِنًا عَلَيْهِ فَاحْكُمْ بَيْنَهُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ عَمَّا جَاءَكَ مِنَ الْحَقِّ..) **المائدة/٤٨**.

لە کاتێکدا نەک لە دەقەکانی ئەواندا شتی وا نیە، بەڵکو تەواوی ڕابەرو پەیڕەوانی ئەو ئاینانەی تر، پێغەمبەری ئیسلام ـ پەنا بەخوا ـ بە ناڕاست ئەزانن و پێغەمبەرایەتییەکەی ڕەد دەکەنەوە، سەرەنجام قورئانیش بە پەیامی خوا نازانن. ئیتر دەبێت کامە پێکەوەژیان بێت، ئەوەی کە ئەوان قسیی لێدەکەن؟

بینا لەسەر ئەو ڕاستییانەی سەرەوەیە کە خوای گەورە فەرموویەتی: (إِنَّ الدِّينَ عِنْدَ اللَّهِ الْإِسْلَامُ وَمَا اخْتَلَفَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ إِلَّا مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْعِلْمُ بَغْيًا بَيْنَهُمْ) آل عمران/١٨ **هەروەها** فەرمانیشی بە پێغەمبەر داوە کە ئەم جارە بدات بۆ هەموو مرۆڤایەتی: (قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا) الأعراف/ ١٥٨.

لە سەرێکی تریشەوە لەبەر ئەو بەدرۆخستنەوەیەی پێغەمبەری ئیسلامەیە کە (وەلاء) بۆ ئەوان و پشتیوانی کردنیان بە حەرام زانراوەو ڕاشکاوانە فەرموویەتی: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى أَوْلِيَاءَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ وَمَنْ يَتَوَلَّهُمْ مِنْكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ﴾ المائدة/٥١، هەڵویستێکی زۆر ئاساییە، ئاخر لە کاتێکدا من بڕوام بە عیساو موساو ئینجیل و تەورات و مەسیحیەت و جوولەکە، پایەی ئیمانم بێت و بەبێ ئیمان بەوانە ئیمانم دانەمەزرێت، بەڵام تۆ ئاینەکەم بە ساختەو پێغەمبەرەکەم پەنا بەخوا بە درۆزن و قورئانەکەم بە هەڵبەستراوو ناڕاست بزانیت، ئەمە چۆن یەکسانیی و عەدالەتێکە؟

**نەبوونی (وەلاء) بە مانای دوژمنایەتی نیە:**

ئەڵبەتە حەرامبوونی (وەلاء) یەکسان نیە بە دوژمنایەتی، بە پێچەوانەوە قورئان فەرمانی داوە کە لەگەڵ ئەو ناموسڵمانانەی وا لەسەر دین شەڕمان لەگەڵ ناکەن و لە وڵاتی خۆمان دەربەدەرمان ناکەن، ئەوپەڕی چاکەکاریی و دادگەرییان لەگەڵ بکەین، دەفەرموێت: (لَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُمْ مِنْ دِيَارِكُمْ أَنْ تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ) الممتحنة/٨. بەڵکو ناکۆکیی لەگەڵ ئەوانەیانداییە کە لەسەر ئاین شەڕمان لەگەڵ دەکەن و لە خاک و وڵاتمان دەربەدەرمان دەکەن و پشتی دوژمنان دژمان دەگرن: (إِنَّمَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ قَاتَلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَأَخْرَجُوكُمْ مِنْ دِيَارِكُمْ وَظَاهَرُوا عَلَى إِخْرَاجِكُمْ أَنْ تَوَلَّوْهُمْ وَمَنْ يَتَوَلَّهُمْ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ) الممتحنة/٩.

ئەمە ڕێسای بنەڕەتیی قورئانە بۆ مامەڵە لەگەڵ بەرامبەرەکان، کە دەیانکاتە دوو دەستەی دۆست و دوژمن: لەگەڵ دۆستان مامەڵە لەسەر بنەمای (بر)و (قسط) ئەوپەڕی چاکەکاریی و دادگەریی. لەگەڵ دوژمنانیش پشتیوانی نەکردنیان. دیارە دوژمن دوژمنەو حوکمی تایبەتی هەیە، بۆیە هەموو ئەو ئایەتانەی کە باس لە جەنگ و شەڕو

پێکدادان دەکەن، تایبەتن بە حاڵەتی دووەمەوەو لە کۆمەڵێک ڕێساو یاسادا ئەویشی ڕێکخستووە، تاکو لەوێش پابەندیی هەبێت و لەسنووردەرچوون ودەستدرێژیی ڕوو نەدات.

**دیدو تێڕوانینی ئەوان بۆ غەیری خۆیان:**

لە بەرامبەر ئەو تێڕوانینە قورئانییەوە ئایا ئەوان ئامادەن ئەو هەموو سووکایەتییەی کە لە کتێبەکانیاندا۔ بە تایبەتی (تلمود)۔ کە بە عەرەب و موسڵمانان کراوە، بسڕنەوە. تلمودەکەیان لە چەندین شوێن کە باسی عەرەب دەکات بە نەتەوەیەکی نزم و بێ نرخ ناویان ئەبات، تەنانەت دەڵێت: خوا۔ کە ئەوان پێیدەڵێن یەهوە۔ پەشیمان بووەتەوە کە عەرەب و نەسلی ئیسماعیلی دروست کردووە! ئەمەش بۆ وەڵامی ئەوە کە ئەگەر وترا: چۆن ئێوە بەشێک لە کاری خوا بە بێ نرخ ئەزانن کە دروستکردنی عەرەبە! گوایە خوا لەو کارەی پەشیمان بووەتەوە.[٥]

ئەوان ئاوا سەیری غەیری خۆیان دەکەن، تەورات پێی وایە کە: خۆیان پیرۆزن، بەڵام جۆییم ۔ واتە هەموو

---

[٥] سایتی الجزیرة: https://www.aljazeera.net/culture

نەتەوەکانی غەیری جوولەکە ـ دوژمنن و دەبێت ڕقمان لێیان بێت.[6] لە چەند دەقێکی تلموددا دەڵێت:

" ـ تەنها جوولەکە مرۆڤن، غەیری ئەوان مرۆڤ نین، بەڵکو دڕندەو شەیاتینن".

ـ "غەیرە یەهود وەکو سەگ وان (حاشا)، بۆیە لە شێوەی مرۆڤیشدا دروست کراون، تاکو خزمەتی جوولەکە بکەن".

ـ "کوشتنی هەر غەیرە جوولەکەیەک کارێکی ڕەوایە. هەر جوویەک غەیرەجوویەکی کوشت، ئەوە قوربانیی بۆ خوا کردووە"[7]

ئەمە نهێنیی داتاشینی دەستەواژەی گەلی هەڵبژێردراوی خوا (شعب الله المختار)ە کە بە پشتبەستن بە دەقەکانی تەورات و ڕاڤەکانی تلمود بۆ خۆیان تاشیویانە.

---

[6] بڕوانە: الآخر في الفكر الديني اليهودي، بوجناح بوسعد، مجلة الشهاب، العدد: ٣، ٢٠١٨م.

[7] هەمان سەرچاوە، کە لە (الموسوعة اليهودية) دەری هێناون.

**ئەرکی ئێمە بەرامبەر بانگەشەی (ئاینی ئیبراهیمی):**

پاش ڕوونبوونەوەی ئەو ڕاستییانەی کە ئاماژەیان پێکرا، ئەرکی ئێمە بەرامبەر ئەم بانگەشە نوێیەی کە ناویان ناوە (ئاینی ئیبراهیمی) ئەوەیە کە:

ـ ڕەدی بکەینەوە، چونکە ڕازی بوون پێی، مانای داننانە بەو هەموو ناحەقییانەی ئەواندا، کە دژی ئاینی ئێمەو پێغەمبەرمان و کتێبی پیرۆزمان و تەواوی مرۆڤایەتی قائلی بوون. هەروەها داننانە بەوەدا کە قەوارەیەکی سەپێنراوی وەکو قەوارەی زایۆنی، بە شەرعیی بزانین و پشت لە مافە ئینسانییەکانی گەلی فەلەستین هەڵکەین و لە کۆمەڵکوژییەکانی زایۆنییەکان بێدەنگ بین و تەسلیم بە پیلان و پرۆژە داگیرکاریی و ستەمکارییەکانی زلهێزان ببین. دەبێت بە زمان و گوفتارو کردارمان و بە تەواوی انئەو ڕێیانەی کە ڕەواو پەسەندن بەرەنگاری ئەو بیرۆکەیە ببینەوەو ژێربەژێرییەکانی بەرمەلا کەین.

ـ پێویستە بانگخوازان و زانایان و نووسەران و ڕۆشنبیران هەموو بەرەنگاری ئەم پلانە ببنەوە، چونکە مەترسییەکە لەسەر ئەسڵی ئاین و شوناس و کلتوورو مێژووی ئوممەتی ئیسلام و بەها باڵاو پەسەندەکانە.

ـ له پاڵ ئەوەدا دەبێت داکۆکیی لەوە بکەین کە ئێمە هەرگیز لەگەڵ شەڕو ئاژاوەو پشێویی و توندوتیژیدا نین. دەبێت ڕوونی بکەینەوە کە لەگەڵ هەموو ئاینەکان و هەموو نەتەوەکان و پەیڕەوانی هەموو ئاینەکاندا هەڵئەکەین، واقعیش سەلماندوویەتی کە هەرگیز موسڵمانان لە ڕاگەیاندنی شەڕو پێکداداندا دەسپێشخەر نەبوون، ئەوەی موسڵمانان نکوولی لێناکەن ئەوەیە کە دژی دژانن و دوژمنی دوژمنانن و ناحەقی و ستەم لە کەس قبوڵ ناکەن

ـ سەبارەت بە جۆری مامەڵەو هەڵس و کەوت لەگەڵ بەرامبەرەکاندا، دەبێت ئەو پرەنسیبە قورئانییە بە جیهان بگەیەنین کە قورئان دانی ناوە بە هەموو گەل و هۆزە مرۆییەکانداو ئامانج لە بوونیشیان بۆ یەکترناسینە، یەکترناسینیش زەمینەیەکە بۆ پێکەوە ژیان، دەفەرموێت: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ) الحجرات/١٣. پێغەمبەری خوایش ئەمەی دووپاتکردووەتەوەو فەرموویەتی: (لا فضلَ

لعربيٍّ على عجميٍّ، ولا لعجميٍّ على عربيٍّ، ولا لأبيضَ على أسودَ، ولا لأسودَ على أبيضَ، إلَّا بالتَّقوَى ، النَّاسُ من آدمَ ، وآدمُ من ترابٍ)[٨]،

ـ دەبێت بە بەڵگەوە بیسەلمێنین هەر گرووپ و ڕێکخراوو تاقمێک کە دژ بەو بۆچوونە هاوسەنگانەی ئیسلام دەجووڵێنەوەو دژایەتی پەیڕەوانی ئاینەکان دەکەن و بە ناوی ئیسلامەوە ستەم دەکەن و توندوتیژیی دەکەن و کلتوری ڕق و کینەو کەراهیەت بڵاو دەکەنەوە، یان لە تێگەیشتنی دروست لە ئیسلام لایانداوە، یان وەکو قاعیدەو داعش و هاوشێوەکانیان، دروستکراوی دەستی نەیارانی ئیسلامن و بۆ ناشیرینکردنی ئیسلام تاشراون و ڕووداوەکانی دوای (١١)ی سێبتمبەری (٢٠٠١ز) هیچ گونانێکیان لەمەدا نەهێشتەوە.

ـ لە کۆتاییدا وەبیرهێنانەوەی ئەم چەند پرەنسیبە قورئانییە زۆر گرنگەو دەبێت بۆ هەڵوێستگرتن لەپێشچاویان بگرین:

ـ قورئان دووپاتدەکاتەوە کە پێغەمبەر ئیبراهیم ـ علیە السلام ـ موسڵمانێکی یەکتاپەرست بووە، نە جوولەکە بووە، نە

[٨] أبو نعیم لە (حلیة الأولیاء)، (٣/١٠٠)، بەیهەقی لە (شعب الإیمان)، بە ژمارە: (٥١٣٧)، گێڕاویانەتەوە.

نەصرانی، نە هاوەڵ بڕیاردەر بۆ  خوا: (ما كَانَ إِبْرَاهِيمُ يَهُودِيًّا وَلَا نَصْرَانِيًّا وَلَكِنْ كَانَ حَنِيفًا مُسْلِمًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ) آل عمران/٦٧.

- هەروەها قورئان دووپاتی کردووەتەوە کە لەپشترین کەس بۆ ئیبراهیم - دوای پەیڕەوانی خۆی - پێغەمبەری ئیسلامەو بڕوادانی شوێنکەوتەی ئەون: ( إِنَّ أَوْلَى النَّاسِ بِإِبْرَاهِيمَ لَلَّذِينَ اتَّبَعُوهُ وَهَٰذَا النَّبِيُّ وَالَّذِينَ آمَنُوا ۗ وَاللَّهُ وَلِيُّ الْمُؤْمِنِينَ﴾ [آل عمران: ٦٨].

- هەروەها ئەو ڕاستییە دووپات دەکاتەوە کە هەرگیز لە بیری ئەوەدا نەبن کە یەهودو نەصارا لێتان ڕازی بن، ئەوان ئەگەر پێڕەویی لە خۆیان نەکرێت لە کەس ڕازی نین و بە هیچ ڕازی نابن. زۆر بە ڕوونیی دەفەرموێت: (وَلَنْ تَرْضَى عَنْكَ الْيَهُودُ وَلَا النَّصَارَى حَتَّى تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمْ) **البقرة/١٢٠**.

- بۆیە ئەگەر باس باسی پابەندییە بە ئاینەوەو بە حیساب حیساب بۆ ئاینی ئیبراهیم دەکرێت، ئەوە ئاینی ئیسلام لەبەردەستدایەو هەمان ئاینی ئیبراهیمە: (.. مِلَّةَ أَبِيكُمْ إِبْرَاهِيمَ هُوَ سَمَّاكُمُ الْمُسْلِمِينَ مِنْ قَبْلُ وَفِي هَذَا لِيَكُونَ الرَّسُولُ شَهِيدًا عَلَيْكُمْ وَتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ) الحج/٧٨.

- بە ناردنی دوا پەیامی قورئان و دوا پێغەمبەری خوا، دەرگای وەحی خوایی داخراو هەموو پەیامەکانی خوا لە پەیامی قورئاندا جێیان کرایەوەو دینی خوای گەورە شێوەی

کاملّی خۆی وەرگرت و بۆ کەس نیە هیچی لێ زیاد یان کەم بکات: (الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا) **المائده/٣.**

ـ بۆیە ئەوانەی باوەڕیان بە خواو ئاینە ئاسمانییەکان و پێغەمبەرایەتی و وەحی هەیە، دەبێت گوێیان لەم دوا هەواڵە ئاسمانییە بێت کە: حەق تەنها ئەوەیە لە لای پەروەردگاری هەموو لایە، بەڵام لە دونیادا هەر کەس ئازادە هەرچی هەڵبژێرێت: (الْحَقُّ مِنْ رَبِّكُمْ فَمَنْ شَاءَ فَلْيُؤْمِنْ وَمَنْ شَاءَ فَلْيَكْفُرْ) **الکهف/ ٢٩**، وەلێ لە دوارۆژدا لە کەس قبوڵ ناکرێت کە ئاینێکی تر غەیری ئیسلامی هەڵبژاردبێت: (وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ) **آل عمران/٨٥.**

## هەڵوێستی زانایان لە بیرۆکەی ئاینی ئیبراهیمی:

لەگەڵ ورووژاندنی ئەم بابەتە لە سەرەتاکەیەوە، زانایانی موسڵمان ـ چ وەک تاک، چ وەک ڕێکخراوو دەزگاو دامەزرازوە ـ ڕوونکردنەوەیان داو هەڵوێستیان نواندو حوکمی بابەتەکەیان بەشێوەی جۆراوجۆر خستە ڕوو:

* ئەو هەڵوێست و فتوایەی کە کێش و قەبارەو کاریگەریی خۆی هەیە لە بەیاننامەیەکی یەکێتی زانایانی جیهاندایە کە لێرەدا خاڵە بنەڕەتییەکانی دەخەمە ڕوو..

یەکیەتی زانایانی جیهان ڕێکخراوێکی زانایی سەنگینە کە پێشتر د. یوسف قەرەزاوی سەرۆکایەتی دەکردو ئێستە پرۆفیسۆر د. عەلی قەرەداغی سەرۆکایەتی دەکات ـ وەک باڵاترین ناوەندی شەرعیی و زانستیی هاوچەرخی ئوممەتی ئیسلام، لە ڕێکەوتی (٩)ی ڕەجەبی (١٤٤٢ک)، بەرامبەر (٢٠٢١/٢/٢١ز)، بە هەماهەنگیی لەگەڵ رابطەی زانایانی موسڵمان و رابطەی مەغریبی عەرەبی، بە ئامادەبوونی زانایانی نوێنەری (١٩) وڵات یەکەم کۆنگرەی خۆی بەست، تایبەت بە هەڵوێست لەوەی ناونراوە دیانەتی ئیبراهیمی. پاش پێشکەشکردنی چەندین وتارو موداخەلات،

بەیاننامەیەکیان لەو بارەیەوە دەرکرد، کە ئەمەی خوارەوە گرنگترین خاڵەکانیەتی:

ـ ئاشکرایە گەورەترین کتێب کە بایەخی زۆری داوە بە ئیبراهیم (علیه السلام)، قورئانی پیرۆزەو داوای کردووە لە موسڵمانان کە پەیڕەوی لێبکەن...

ـ زانایانی موسڵمان لەگەڵ هاریکاریی مرۆیی و پێکەوە ژیانێکن کە لەسەر بنەمای ئازادیی و دادگەریی و ڕێزگرتن لە هەموو پێغەمبەران هەڵچنرابێت. هەروەها لەگەڵ هەر گفتوگۆو دایەلۆکێکن کە کۆمەڵگاکان بنیات بنێت. بەڵام هەموویان دژی شێواندنی ئیسلام و شێواندنی کەسیەتی پێغەمبەران ـ علیهم السلام ـ دەوەستنەوە.

ـ بنەمای بیرۆکەی ئاینی ئیبراهیمیی هاوبەشێکی تێکەڵە لە ئیسلام و عەقیدەکانی تر، کە ئەمە بیرۆکەیەکی پووچە، چونکە بناغەی ئیسلام یەکتایی (تەوحید)ەو تاکخستنەوەی خوایە بە پەرستش، بەڵام ـ بە بۆچوونی ئێمەـ شەریعەتەکانی تر هاوەڵدانان (شرك)و بتپەرستییان تێکەڵ بووە.

ـ هەوڵدان بۆ پشتیوانیکردن لە (ڕێکەوتننامەکانی ئیبراهام) بە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ زایۆنی، لە ڕێی برەودان بە پرۆژەکانی تێکەڵکردنی ئاینەکان و هێنانەکایەی

ئاینێکی نوێ، به هەموو شێوەیەک بابەتێکی ڕەدکراوەیە. ئوممەتی ئیسلامیی له حەفتانکانەوە دژی (تەطبیعی سیاسی) وەستایەوە، ئێستە چۆن به پرۆژەکانی (تەطبیعی دینی) ڕازی دەبێت؟ ( أَفَغَيْرَ دِينِ اللَّهِ يَبْغُونَ؟) آل عمران/٨٣ .

ـ به دڵنیایی گوێڕایەڵیی دوژمنانی دین له تاشینی دینێکی داهێنراوداو قبوڵکردنی و بانگەشەبۆکردنی، دەرچوونە له ئیسلام که دوائاینی خواو سەرەرەوەی هەموو شەریعەتە پێشووەکانی پێش خۆیەتی. خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِن تُطِيعُوا فَرِيقًا مِّنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ يَرُدُّوكُم بَعْدَ إِيمَانِكُمْ كَافِرِينَ﴾ آل عمران/١٠٠.

ـ دەبێت ئوممەتی ئیسلامیی لەوە باش تێگەیشتبێت که وەهم و خەیاڵەکانی ئاشتی، هەمووی له لایەن خودی جوولەکەوە ئەدرێن به ئاودا.

ـ زانایان وریایی دەدەن به حکومەتی وڵاتانی ئیسلامیی که نەچن به دەم ئەم جۆرە بانگەشە گوماناوییانەوە، چونکە دژایەتییەکی ئاشکرایان تێدایە لەگەڵ عەقیدەو بیروباوەڕی نەتەوەکانیان و هەڵگیرسێنەری ئاگری فیتنەو ئاشووبی نێوان موسڵمانانن.

ـ واجبە لەسەر بەرپرسانی وەزارەتەکانی خوێندنی باڵاو ڕاگەیاندن لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا، کە دەستهەڵگرن لە یاریکردن بە پرۆگرامی ماددەی ئاین و لەبەر ڕۆشنایی قورئان و سوننەتدا بیخەنە ڕوو، هەروەها پێویستە لەسەریان کە جەخت بکەنەوە لەسەر خاڵە چەسپاوەکانی عەقیدەو شەریعەو لە خەمی بیروباوەڕی لاوانی نەوەی داهاتوودا بن.

ـ ئەندامانی کۆنگرە داوا لە زاناو زانستخوازو بانگخوازان و تێکڕای بیرمەندو نووسەران دەکەن تا بە ئەرکی خۆیان هەستن بەرامبەر ئاینەکەیان و بەرەنگاری هەوڵی شێواندنی ئاین ببنەوەو ئوممەت ئاگادار بکەنەوە لەم مەترسییە کە لەم کاتەدا بەرۆکی گرتووە.

ـ کۆنگرە داوا دەکات کە دەستەی هاوبەش پێکبهێنرێت بۆ دەرکردنی بەیاننامەو نووسین لەسەر ئەم بابەتە، هەروەها کۆنگرەی ساڵانە بگیرێت بۆ داکۆکیردن لە بڕگە جێگیرەکان (ثوابت)ی ئیسلام و ڕەددانەوەی گومانە وروژێنراوەکان.[٩]

یەکیەتی زانایانی جیهان ٢٠٢١/٢/٢١ز

---

[٩] بڕوانە پێگەی ڕەسمیی یەکیەتی زانایانی جیهان، بە ناوی: الاتحاد العالمي لعلماء المسلمين.

* بێجگە لە یەکیەتی زانایانی جیهان، چەندین دەزگاو کۆمەڵەو ڕێکخراوی تری عولەمایی لە جیهان، ئیدانەی ئەو پرۆژەیەی بە ناو (دیانەتی ئیبراهیمی)یان کردو بەیاننامەی جیاو هاوبەشیان بڵاو کردەوە. بۆ نموونە لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا کە (١٢) ڕێکخراو واژۆیان کردووە ئەو پرۆژەو بیرۆکەیە بە پیلانێکی گەورەی دژ بە ئیسلام دەزانن[١٠]

لەو بەیاننامەیەدا ئەوە دووپات کراوەتەوە کە محەممەدی پێغەمبەری ئیسلام پێغەمبەری خوایە بۆ تەواوی مرۆڤایەتی. سەرەتا خوای گەورە ئاگاداری کردووەتەوە کە پێغەمبەری

---

[١٠] ڕێکخراوەو کۆمەڵەو دامەزراوەکان بریتی بوون لەمانەی خوارەوە:

١- رابطة علماء فلسطين، قطاع غزة.
٢- منتدى العلماء.
٣- أكاديمية الرواد الالكترونية.
٤- رابطة علماء فلسطين- لبنان.
٥- الهيئة الدائمة لنصرة القدس وفلسطين- لبنان
٦- رابطة علماء أهل السنة.
٧- ملتقى علماء فلسطين.
٨- هيئة علماء الاتحاد الإسلامي الماليزي.
٩- جمعية النهضة اليمنية.
١٠- هيئة علماء فلسطين
١١- جمعية الاتحاد الإسلامي – لبنان.
١٢- جامعة دارالعلوم- زاهدان- إيران

**هەموو مرۆڤەکانە:** (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلاَّ كَافَّةً لِلنَّاسِ بَشِيرًا وَنَذِيرًا وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لاَ يَعْلَمُونَ) سبَأ/ ٢٨. **پاشانیش داوای لێکردووە کە خۆی ئەو جارە بە ناو مرۆڤایەتیدا بدات و پێیان ڕابگەیەنێت کە نێرراوی خوایە بۆ تەواوی مرۆڤەکان:** (قُلْ يَاأَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا) الأعرَاف/ ١٥٨.

هەروەها ئاماژەیان بەوە کردووە کە مەغزای ئەم بیرۆکەیە ئەوەیە کە موسڵمانان بە بۆچوونە شێواوەکانی ئەوان ڕازی بن، هەروەک یەهودو نەصاراکانی سەردەمی پێغەمبەری ئیسلام بە موسڵمانانی ئەو کاتەیان دەگوت: ببنە یەهودو نەصارا تا ببنە ئەهلی هیدایەت: (كُونُوا هُودًا أَوْ نَصَارَى تَهْتَدُوا ) البقرة/١٣٥.

لە خاڵێکی تردا ڕوونیان کردووەتەوە کە ڕازی بوون بە بیرۆکەی دیانەتی ئیبراهیمی دەبێتە ڕەدکردنەوەی عەقیدەی (وەلاء و بەراء)، کە بەشێکە لە جیهانبینی موسڵمانان و ڕۆڵی هەیە لە پۆلێنکردن و ڕێکخستنی جۆری پەیوەندییەکاندا.

لە کۆتایی بەیاننامەکەیاندا زانایان داوایان کردووە کە هیچ باوەڕدارێک نابێت شەرعییەت بدات بەو کۆڕو کۆبوونەوەو کۆنگرانەی کە بۆ ئەو مەبەستە دەگیرێن و پێویستە بایکۆت

بكرێن و بەشدارییان تێدا نەکرێت، بە تایبەتی ئەگەر زانرا مۆڵەتی قسەی جیاوازو دژ بەوان نادرێت.

* لە بەیاننامەیەکی تردا (٢٦) کۆمەڵەو ڕێکخراوەو دامەزراوەی تری زانایان، لە (٢٧)ی (جمادی الآخرة)ی (١٤٤٢ك)، بەرامبەر (٢٠٢١/٢/٩ز). بە هەمانشێوە. ئەو پیلانەیان مەحکوم کردووەو تەواوی موسڵمانانیان وریا کردووەتەوە کە چاوکراوە بن و ئاگایان لە پیلانەکانی نەیاران بێت.[١١]

---

[١١] ئەو ڕێکخراوەو کۆمەڵەو دامەزراوانەش بریتی بوون لەمانەی خوارەوە:

١. رابطة علماء المسلمين.
٢. رابطة علماء أهل السنة.
٣. رابطة علماء إرتريا.
٤. مركز تكوين العلماء بموريتانيا.
٥. هيئة علماء فلسطين.
٦. ملتقى علماء فلسطين.
٧. جامعة دار العلوم بزاهدان –إيران.
٨. هيئة علماء المسلمين في لبنان.
٩. مجلس الدعاة – لبنان.
١٠. جمعية أمجاد – لبنان.
١١. مركز محكمات للبحوث والدراسات–إسطنبول.
١٢. مؤسسة بيّنات للتأصيل–إسطنبول.

* هەروەها دەستەی گشتیی نێردەو فتوا لە وڵاتی سعودیە بە فتوای ژمارە: (١٩٤٠٢) لە (١٩٩٧/٦/٣١ز) فتوایەکی دەرکردو ڕەخنەی لەوە گرت هەر ئاماژەیەک بۆ بابەتی (یەکیەتی ئاینەکان) بکرێت. ئەو فتوایە دە بڕیاری لە خۆ گرتبوو، لە بڕیاری نۆیەمدا دەڵێت: "بۆ هیچ موسڵمانێک ڕەوا نیە کە بچێت بە دەم ئەو بابەتەوە کە باسی بنیاتنانی مزگەوتێکە لەگەڵ کڵێسایەکی مەسیحی و کەنیسێکی جوولەکە لە یەک

---

١٣. ملتقى دعاة فلسطين.
١٤. دار الإفتاء الليبية.
١٥. هيئة علماء ليبيا.
١٦. رابطة علماء أهل السنة بالعراق.
١٧. هيئة علماء المسلمين في العراق.
١٨. رابطة علماء فلسطين بغزة.
١٩. رابطة علماء فلسطين في لبنان.
٢٠. جمعية الاتحادالإسلامي للدعوة والتعليم الشرعي.
٢١. رابطة علماء المغرب العربي.
٢٢. الاتحاد السوداني للعلماء والأئمّةِ والدّعاة (إسعاد).
٢٣. رابطة الدعاة بالكويت.
٢٤. رابطة علماء آسيا.
٢٥. رابطة العلماء السوريين.
٢٦. هيئة علماء الكورد في سورية.

موجەممەعدا." شایانی باسە سەرۆکی ئەو لیژنەیەی ئەم فتوایەی دەرکرد، شێخ عبدالعزیز بن باز بوو، کە ئەو کاتە موفتی عامی وڵاتی عەرەبستانی سعودی بوو.[١٢]

* هەروەها لیژنەی هەمیشەیی فتوادان لە عەرەبستانی سعودی ئەو بابەتەی دیانەتی ئیبراهیمیی بە لادان و دەرچوون لە ئیسلام زانی.

* لە سەرێکی ترەوە دامەزراوەی بەناوبانگی ئەزهەر لە وڵاتی میصر هەڵوێستی لەو بابەتە گۆڕی، چونکە لە سەرەتاوە شێخی ئەزهەر (أحمد الطیب) لە ساڵی (٢٠١٩ز)دا کە پاپا فرانسیس پاپای کڵێسای کاسۆلیکی چووە (ئیمارات)، گەیشت بە شێخی ئەزهەرو بە ئامادەبوونی محەممەد بن زاید پەیماننامەیەکیان مۆر کرد بە ناوی (پەیماننامەی برایەتی ئینسانیی)و بەردی بناغەی بینای (البیت الإبراهیمی)یان داناو ئیمزایان کردا! بەڵام دواتر کاتێک شێخی ئەزهەر ماهییەت و حەقیقەتی پرۆژەکەی بۆ ڕوون بووەوە هەڵوێستی گۆڕی و لە لێدوانێکیدا وتی: "ئەو بانگەشانەی باس لە یەکخستنی ئاینەکان دەکەن لە یەک

---

[١٢] بڕوانە: پێگەی "الهیئة العامة للبعوث والإفتاء"ی سعودیە.

ئایندا، له ژێر پەردەی ئەوەی ناویان ناوە (دیانەتی ئیبراهیمیی)، بیرۆکەیەکی پیس و ڕووخێنەری ئاینەکانەو خوازیاری ئەوەن بەو بەرنامەیە ڕیشەی ئاینەکان لە بنەوە دەربێنن. ئەو بەرنامەیە لە باشترین وەصفیدا ئەوەیە کە بڵێین: خەیاڵێکی پڕوپووچی بێ بنەمایە، کە نایەتە واقیع و وێنا ناکرێت."[١٣]

*****

[١٣] بڕوانە: پێگەی (الجزیرة).https://www.aljazeera.net/politics

## پێش کۆتایی

خوێنەری بەڕێز!

ئەوەی کە لەم چەند دێڕەدا ڕابوردو خوێندتەوە، چەند سەرەقەڵەمێکی خێرابوون دەربارەی ئەو پرۆژەو پلانەی بە ناوی (دیانەتی ئیبراهیمی) بە چاودێریی ئەمریکاو بەرنامەی قەوارەی زایۆنیی و لۆبی ماسۆنیەتی جیهانیی کاری بۆ دەکرێت و هەندێک وڵاتی عەرەبیش بوونەتە جاڕدەری و مشەخۆر بەسەریەوە.

پرۆژەکە لە ڕاستیدا وەهم و خەیاڵ و خولیایەکی نەزۆکەو دژی سروشتی ئاینەکان و فیطرەتی مرۆڤەکان و واقعی ژینگەکانە. ڕاستە پلانەو خەرجی بۆ دەکرێت، بەڵام پشتیوانانی، کەس ودەزگاو دامەزراوەو وڵاتانی دۆڕاون و پشت بەخوا ڕووبەڕووی شکستێکی ئابڕووبەر دەبنەوە.

بەڵام لە هەموو ئەگەرەکاندا ئەرکی تاک تاکی موسڵمانانە ـ لە هەر کوێ بن ـ چاوکراوەو وریا بن و لە ژینگەی بچووک و گەورەی خۆیاندا بە ئەرکی خۆیان هەستن، لە وریاکردنەوەی نەوەکان و ڕوونکردنەوەی

ڕەهەندو لایەنەکانی پلانەکەو ناساندنی کارەکتەرەکانی و پەردە ڕامالّین لەسەر پشتیوانانی. چونکە ئەوە ئەرکێکی شەرعییەو بەشێکە لە واجبی قۆناغەکە..

(إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ أَمَرَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ) يوسف/٤٠.

*****

کۆتایی

هەوڵی ئامێتەکردنی ئاینەکان، بەدەر لەوەی پرۆسەیەکی خەیاڵپڵاویی نەزۆکە، هەنگاوێکی دژ بە ئیرادەی خوداییشە، خوای خاوەنی ئاینەکان - کە خۆی دانەرو نێرەریانە- خۆی هەرکامی بۆ قۆناغ و ژینگەیەکی دیاریکراو ناردووە، خۆی ئەو کاری یەکخستنەوەیەی بۆ پەیامەکانی ئاسمان لە قاڵبی ئاینی ئیسلامدا ئەنجام داوە، پێویستی بە مرۆڤ نیە کە بە توانا سنووردارەکانییەوە، بیر لە دەستکاریی کاری خوای حەکیم و لێزان و کاربەجێ و زاناو بەتوانا بکاتەوە.

ئەم کورتە بابەتەی لەبەردەستدایە هەوڵێکە بۆ تیشکخستنە سەر ئەو هەوڵە بێ ئاکامەو خوێندنەوەی پشتەوەی دێڕەکانی تایبەت بەو کارە، بەو هیوایەی خزمەت بەو کەسانە بکات کە ساکارانە دەچن بەپیر ئەو تراویلکەیەوەو ئاگایان لە دیوی ناوەوەی پیلانەکە نیە، زانیاریی زیاتریش بەو بەڕێزانە بدات کە هۆشیارانە هەواڵەکەیان شی کردووەتەوە.

عمر عبد العزيز



ئەو سێ پەرستگایەی بە ناوی مزگەوتی موسڵمانان و کڵێسای نەصرانی و مەعبەدی جوولەکە لە (أبو ظبي) بە ناوی (البیت الإبراهیمی) بە ئامادەبوونی پاپاو شێخی ئەزهەرو محەممەد بن زاید بەردی بناغەی بۆدانرا .